

# سێبەرێک و دوو ڕوح

**جیهان عومەر**
**(سلێمانی)**

ئەوەتەی ئەم هەیە، بە هیچ جۆرێک بیری لەوە نەکردبووەوە یەکێک هەیە هەمیشە چاودێری دەکا و بەدواوەیەتی. هەرچی جوولّە و ئاوڕدانەوەو دانەوێنەوە و هەستانەوە هەیە، کەسی دووەم وەک ئەو دەکات، ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەمەی بزانیبایە، مێشکی تێک دەچوو و شێت دەبوو، بێ شک دەبوایە بیان بردایە بۆ شێتخانەکەی بەغدا و دەیانوت کابرا شێت بووە، لەبەرئەوەی فزەی لە خۆی بڕیبوو لە لای هیچ کەس نەیدەوت من دووکەسم، یەکێکیان خۆم و ئەوی تر سێبەرەکەم. تا ڕۆژێک بە دەنگ هات و وتی:

– لەوەدەچێ هەر لە دێر زەمانەوە من دووکەس بووبم، ئێستا سێبەری ئەو دووکەسەی بە دوامەوەیە لە نێو خۆیاندا لەسەر خۆشەویستەکەیان جەنگیانە، یەکێکیان دڵدارەکەی و ئەوی تریش هاوسەرەکەم.

خەڵکی و هاوڕێیەکانی ئەم قسانەی ئەمیان بە وڕێنە و تێکچوون دەزانی، هەر لەبەرئەوە، لایەنی بێ دەنگی وەرگرت لە ترسی ئەوەی نەک ڕەوانەی شێتخانەی بکەن.

**درۆکردن**

زۆر ڕۆژ درۆیەکی لەگەڵ سپێدەدا دەکرد، ئەمڕۆ دەبمە گۆرانیبێژ، کەچی بۆ بەیانی لە برێتی گۆرانی، باسی عیشقی دەکرد، شیعری دڵداری بۆ دەخوێندەوە و دەیوت:

– هەموو بەیانییەک هاوسەرە ترازاوەکەم شیعرێکی دڵداری بۆ دەوتم..!

– نازانم لە یادی چووبوو، یان ئەمەشیان یەکێک بوو لە درۆسپییەکانی

دەیوت:
- دەبمە گۆرانیبێژ.
یەکێک لە درۆیەکانی ئەوەبوو دەنگی زۆر ناساز و ناخۆشبوو..!!

## ڕاوەکوڕ

بەدەم چاوەڕوانی کردنێکی پڕ دڵە لەرزەوە لەبەردەم ژووری تاقیگەی نەخۆشخانەکە ڕاوەستابووین، چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینی خوێنەکانمان بووین. هەردوو پەرستیارە تارانییە شۆخەکان، کوڕێکی قۆزیان لە نێو خۆیاندا بەگیرهێنابوو، ئەویش خۆی بە ناردنی نامەیەکی مۆبایلەکەوە سەرقاڵ کردبوو، ئەوان بە، بەردەوامی زەردەخەنەیان بۆ دەکرد، ئەویش نێوچەوانی بەیەکدادابوو، ئەوەندەی نەبرد هاوڕێکەی بانگی لێ کرد بۆ ڕۆیشتن، ئەوانیش بە بێ ئومێدییەوە بە هاوڕێکەیدا تەقینەوە:
- وازی لێ بهێنە با لە لای ئێمە بێت.
دوای هەستانی، بە ئاوڕدانەوەیەک زەردەخەنەیەکی بۆ بەجێ هێشتن!!

## شەقامی مەولەوی

ئەو بەیانییە تەنگژەیەک خۆی لە دڵیدا جێگیرکردبوو کە بەسەر دانەواندنەوە هەنگاوی لە شەقامی مەولەوی دەژمارد، لە پڕێک لەبەردەمیدا وەک مۆمێکی داگیرساو، وەک نمەبارانێکی پڕ لە ئاوازی پاییز کە زەوی تینووە بە شێداری، ئەو لەگەڵ دوو هاوڕێیدا بەرەو ڕووی هاتن، خەریک بوو باوەشی پێدا بکات کە بە هۆش هاتەوە لە شەقامێکدایە و ئەویش لەگەڵ دوو هاوڕێیدایە، وتی:
- ئەی کە تامەزرۆی ئەم بینینەت بووم، بەڵام بەداخەوە کە لەسەر ئەم شەقامەین و ناتوانم تێر هەناسەکانت هەڵمژم.
زەردەخەنەیەکی بۆکرد و هەناسەی لە هەناسەکانی ئەو نزی کردەوە، چاوەکانی لە بریسکەی چاوی ئەو بری و لەیەک جیابوونەوە، بە چەند ئاوڕێک بۆ یەکتری کوژانەوە..!!

## قاوەڵتی

هەروەک جاران، کە باس دەکرا ئەمڕۆ خواردنی نیوەڕۆ چی دەبێت، ئەو وەڵامەکەی ئەوەبوو دەیوت:
- نانی قاوەڵتی چی دەبێت.
ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەوینەکەی بانگهێشتی نان خواردنێکی نیوەڕۆ کرابوون بۆ زیاتر لەیەک شارەزابوون، کە پێیان وت، وتی:
- ئا بۆ نان خواردنی قاوەڵتی
کاتێک کە خۆی بینییەوە لەسەر مێزەکە لەگەڵ ئەودا، بێ ئاگابوون لە ژەمی خواردنەکەی، هەردووکیان زیادەخۆربیان کرد، بەڵام ئەم ئەوەندە مەستی چاوەکانی ئەو بووبوو، کاتێکی زانی لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن خۆی بینییەوە، ئەویش بە ژوور سەرییەوە ڕاوەستابوو دەیوت:
- بەیانیش بانگهێشتی قاوەڵتییەکی کە کراوین!